# بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی

# کۆلێژی زانستە سیاسییەکان

# زانکۆی سەلاحەدین

# سیاسەتی دەرەوە: تیۆر و نموونەکان

# پەرتووکی کۆرس - بۆ قوتابیانی قۆناغی چوارەم/سمستەری دووەم

**م.ی.سەرکان سلمان أبوبکر**

**ساڵی خوێندن: 2024-2023**

# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | سیاسەتی دەرەوە: بنەما و تیۆرییەکان |
| 2. ناوی مامۆستا | م.ی.سەرکان سلمان أبوبکر |
| 3. بەش/ کۆلێژ | کۆلێژی زانستە سیاسییەکان<br><br>بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی |
| 4. پەیوەندی | E-Mail: sarkan.abubaker@su.edu.krd<br>Personal E-Mail: ps.sarkan@gmail.com |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری: 6 کاتژمێر. |
| 6. ئامادەبوونی مامۆستا | 3 ڕۆژ لە هەفتەیەکدا لە کاتژمێر 8:30-1:00 |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | لە دایکبووی هەولێر، قۆناغی ئامادەیی بە پلەی یەکەم تەواوکردووە لەسەر ئاستی قوتابخانە. بەکالۆریۆس بە پلەی یەکەم لەسەر ئاستی بەش و ئاستی کۆلێژی یاسا و ڕامیاری/ زانکۆی سەلاحەدین- 2013. ماستەر لەڕێگای سکۆلارشیپی وڵاتی تورکیا لە زانکۆی چوکورۆڤا بە پلەی زۆرباشەی باڵا-2018. خاوەنی (٥) توێژینەوەی زانستی و پەرتوکێکە بە زمانی تورکی بە ناونیشانی (شەڕکردن بەناوی ئایینەوە). لە ئیستادا قوتابی دکتۆرایە لە زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی زانستە سیاسییەکان ، لە هەمانکاتدا وەکو مامۆستای یاریدەدەر لەهەمان کۆلێژ و لەبەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی وانە دەڵێتەوە. |
| 9. وشە سەرەکیەکان | سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی نیودەوڵەتی، سیستەمی نێودەوڵەتی، پەیوەندییە نێودەولەتیەکان. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی... |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

ناوەڕۆکی ئەم وانەیە تایبەتە بە باسکردن و شیکردنەوەی ئەو بابەتە سەرەکییانەی کە دەکەونە چوارچیوەی سیاسەتی دەرەوەی یەکەیەکی نێودەوڵەتی لە ژینگەی دەرەوەدا. بابەتەکەمان لێکدانەوە و تێگەیشتنە لە ڕەهەندە جیاوازەکانی سیاسەتی دەرەوە. چونکە سیاسەتی دەرەوە بە یەکێك لە ڕەگەزە گرنك و کاریگەرەکانی سیاسەتی گشتی یەکەیەکی نیودەولەتی هەژماردەکرێت. لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی یەکەیەکی نێودەوڵەتی ، بڕیار لەسەر چەندین پرسی گرنگی وەکو (بەرژەوەندی نیشتمانی و ئاسایشی نەتەوەیی) دەوڵەت دەدرێت.

لەم وانەیەدا هەوڵدەدەین سەرەتا کۆمەڵێك بایەتی تایبەت بە ناساندنی سیاسەتی دەرەوە بخەینەڕوو، لەوانە چەمك و پێناسەی سیاسەتی دەرەوە، تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی دەرەوە، جیاوازی نیوان سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ناوخۆ، ئامراز و ئامانجەکانی یەکەیەکی نیودەوڵەتی لە ژینگەی دەرەوەدا. پاشان لە ڕوانگەی تیۆرە سەرەکییەکانی بواری پەیوەندییە نیودەوڵەتیەکان خوێندنەوە بۆ هەوڵ و هەڵسوکەوتەکانی یەکەیەکی نیودەوڵەتی دەکەین لە دەرەوەی سنور و سەرەوەری خۆی. دواین بابەتمان تایبەت دەبێت بە خوێندنی چەند نموونەیەك لە وڵاتان.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

**ئامانجەکانی ئێمە لەم بابەتە، دەکرێت بە چەند خاڵێك بخەینەڕوو، لەوانە :**

1- ئاشناکردنی قوتابیان بە چەمکی سیاسەتی دەرەوە و بەراووردکردن و جیاکردنەوەی ئەو چەمکە لە نیوان چەمکە هاوشێوەکانی.
2- باسکردنی تیۆرەکانی سیاسەتی دەرەوە (پۆزەتیڤزم و دوای پۆزەتیڤزم -رەخنەییەکان).
3- خستنەڕووی ئامانجەکانی یەکەیەکی نیودەولەتیە لە ژینگەی دەرەوەدا لە ڕوانگەی تیۆرە جیاوازەکانەوە.
4- فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر سیاسەتی دەرەوە ، بەتایبەت تایبەتمەندیە نەتەوەییەکانی یەکەیەکی نێودەوڵەتی.
5- پەیوەندنی نیوان فاکتەرە ناوخۆییەکان و ڕەفتارە دەرەکییەکانی دەوڵەت
6- یەکە بڕیاردەرەکان لە سیاسەتی دەرەوە
7- خستنەڕووی شێوازی وەرگرتنی بڕیار لە سیستەمە سیاسییەکان لە ناوخۆی وڵات سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە.

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

1-چالاکی ناوپۆل
2- ئامادەکردنی پەیپەر و پێشکەشکردنی لەلایەن قوتابیان لە شێوەی تیم وۆرک
3- ئامادەبوونی قوتابی

**13. ڕێگاکانی وانەگوتنەوە**

1- پێشکەشکردنی وانەکان لەلایەن مامۆستای بابەت
2- بەکارهێنانی داتاشۆ و وایت بۆرد
3- بەشداریدێکردنی قوتابیان لە چالاکییەکانی ناو هۆڵی وانە گوتنەوە.
4- پەیڕەوکردنی میتۆدی student centered approach

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

بە گشتی (40) نمرەی کۆشش هەیە ، 30 نمرە لەسەر تاقیکردنەوەی میدتیرم و 10 نمرە لەسەر چالاکی قوتابی و ئامادەببوونی. تاقیکردنەوەی کۆتایی لەسەر (60) نمرە ئەنجام دەدرێت.

**16. لیستی سەرچاوە**

1- د.محمد السيد السليم، تحليل السياسة الخارجية، الطبعة الثانية مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، 1998.
2- د.شمال حسین، بنەماکانی سیاسەتی دەرەکی، کتێبخانەی تەفسیر، هەولێر، 2018.
3- Hinnebusch, R.A. and Ehteshami, A. eds., 2014. The foreign policies of Middle East states. Lynne Rienner Publishers.

| **17. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستا: سەرکان سلمان أبوبکر** |
|---|---|

**بابەتەکانی وانەی سیاسەتی دەرەوە**

| |
|---|
| پێشەکییەك بۆ ناساندنی وانەی سیاسەتی دەرەوە |
| دەروازەیەکی تیۆری بۆ سیاسەتی دەرەوە و چۆنیەتی گەشەسەندنی |
| چەمك و پیناسە و ناساندنی سیاسەتی دەرەوە |
| تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی دەرەوە |
| فاکتەرەکانی سیاسەتی دەرەوە (ناوخۆ و دەرەکییەکان) |
| ئامانجەکانی یەکەیەکی نیودەوڵەتی لە ژینگەی دەرەوەدا |
| گرنگی سیاسەتی دەرەوە لە سیاسەتی گشتی وڵات |
| سیاسەتی دەرەوە لە ژینگە دیموکراسی و نا دیموکراسییەکان دا |
| پرۆسەی وەرگرتنی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوە |
| یەکە بڕیاردەرەکان لە سیاسەتی دەرەوە |

| |
|---|
| ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە |
| قەیران و هەڵوستی نیودەوڵەتی و کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوە |
| دەروازەیەك بۆ تیۆرەکانی سیاسەتی دەرەوە |
| تیۆری ڕیالیزم (کلاسیك و پێکهاتەیی) |
| تیۆری لیبرالیزم (کلاسیك و لیبرالیزمی نوێ) |
| سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا |
| سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا |

**18. تاقیکردنەوەکان**

**پرسیارەکان لەسەر بنەمایەکی زانستی ئامادە دەکرێت لەسەر شێوازی وەڵامدانەی پرسیار لە شێوەی چی ؟ چۆن؟ بۆچی؟**